شەوێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەونوێژی کرد بە (خوێندنی) یەک ئایەت لە قورئان

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «شەوێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەونوێژی کرد بە (خوێندنی) یەک ئایەت لە قورئان».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: شەوێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەونوێژی کرد بە خوێندنی یەک ئایەت لە قورئان، لە کاتی وەستانیدا هەر ئەم ئایەتەی دەخوێندنەوە وئایەتی تری نەدەخوێندنەوە، بە پێی هەندێک گێڕانەوەی تری هەمان فەرموودە، ئەم ئایەتە بوو: {إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ} [المائدة: 118] واتە: {ئەگەر سزایان بدەیت، ئەوە بێگومان بەندەی خۆتن وە ئەگەر لێشیان خۆش بیت ئەوە بێگومان تەنها خۆت شکۆدار (بەدەسەڵات) وحەکیم (دانا:کاردروست)یت}.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10967